**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٣٠٦٧٢ لە ٢٠٢٤/١٠/١٥**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ماددەی (بیست و شەشەم / یەکەم ) لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەمووارکراو ، و ئاماژە بەفەرمانی هەرێمی ژمارە (٣١٦) لە ٢٠٢٤/٩/٣٠ و فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان /سەرۆک وەزیران ژمارە (٤٨٠٠) لە ٢٠٢٤/١٠/٣ و دوابەدوای نووسراومان ژمارە (٢٢٤٢٥) لە ٢٠٢٤/٨/٧ سەبارەت بەهێنانەکایەی قەزای (بەحرکە) لە سنووری پارێزگای هەولێر و نووسراوی پارێزگای هەولێر ژمارە (١٩١٥) لە ٢٠٢٤/٧/١٥ و لە بەر بەرژەوەندی گشتی بڕیاردرا بە:-

**بەیانی ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٢٤**
**هێنانەکایەی قەزای (بەحرکە)**

**یەکەم:** هێنانەکایەی قەزای (**بەحرکە**) لە سنووری پارێزگای هەولێر بە هەمان سنووری ئێستای ناحیەی (بەحرکە) .

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١٠/٣ وەکاری پێدەکرێت و بڵاودەکرێتەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٣٠٩٠٥ لە ٢٠٢٤/١٠/١٦**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ماددەی (بیست و شەشەم/یەکەم) لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو، و ئاماژە بەفەرمانی هەرێمی ژمارە (٣٣٥) لە ٢٠٢٤/١٠/١٣ و فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان/سەرۆک وەزیران ژمارە (٤٩٦٩) لە ٢٠٢٤/١٠/١٤ و دوابەدوای نووسراومان ژمارە (٢٨١٠١) لە ٢٠٢٤/٩/٢٥سەبارەت بەهێنانەکایەی قەزای (تەقتەق) لە سنووری پارێزگای هەولێر و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیاردرا بە:-

**بەیانی ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**هێنانەکایەی قەزای (تەقتەق)**

**یەکەم:** هێنانەکایەی قەزای (**تەقتەق**) لە سنووری پارێزگای هەولێر بە هەمان سنووری ئێستای ناحیەی (تەقتەق) .

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١٠/١٤ وە کاری پێدەکرێت و بڵاودەکرێتەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٣١٤٦١ لە ٢٠٢٤/١٠/٢٤**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و رێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان ، و ئاماژە بەهەردوو نووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٤٤٨٢) لە ٢٠٢٤/٨/١١ و (٥٩٥٩) ٢٠٢٤/١٠/٧ و دوا بەدوای نووسراومان ژمارە (٢٨٠٢٣) لە ٢٠٢٤/٩/٢٥ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە:-

**بەیانی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**فراوان کردنی حەرەمی گوندی (گەلوک)**

**یەکەم:** فراوان کردنی حەرەمی گوندی (**گەلوک**) و چە سپاندنی لە سەر نەخشەی گادسترۆ لە ناحیەی دارەتوو لە سنووری قەزای بەردەرەش لە پارێزگای دهۆک بە ڕووبەری (٨٧/٢٣/٨٣) لە سەر پارچە زەوی ژمارە (١/٢)کەرتی (٥١/گەلوک) و ڕووبەری (٧٨/٦/٢) لە سەر پارچە زەوی ژمارە (١/٦) کەرتی (٥٠/کانی هورچ) کە کۆی گشتی ڕووبەرە کە بریتیەلە (١٦٦/١٤/٨٥ دۆنم ) بەمەبەستی زیاد کردنی بۆ سەر حەرەمی گوندی (گەلوک ) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆک لە سەرەوە هاتووە ، بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت .

**رێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٣١٤٦٢ لە ٢٠٢٤/١٠/٢٤**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەموارکراو تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان ئاماژە بەهەر دوو نووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٢٨٠٣) لە ٢٠٢٤/٥/٢٣ و (٥٩١٠) لە ٢٠٢٤/١٠/٣/ ونووسراومان ژمارە (١٧٨٤٠) لە ٢٠٢٤/٦/٢٧ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :-

**بەیانی ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**هێنانەکایەی گوندی (چارچەل)**

**یەکەم:** هێنانەکایەی گوندی (**چار چەل**) و چەسپاندنی لە سەر نەخشەی گادسترۆ بەپێی ماددەی یەکەم/٦ لە ڕێنمایی سەرەوە لە ناحیەی گردەسێن لە سنوری قەزای ئاکرێ لە پارێزگای دهۆک بەرووبەری (١٥دۆنم) لە سەر پارچە زەوی ژمارە (٣) کەرتی (١٠٥/بێناتان) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆک لە سەرەوە هاتووە و بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت .

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت .

**ڕێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٣١٤٦٣ لە ٢٠٢٤/١٠/٢٤**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەموارکراو تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان ، وئاماژە بە هە ردوو نووسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە(٣٤٥٠) لە ٢٠٢٤/٤/٢٥ و (١٠٣٧٦) لە ٢٠٢٤/١٠/٣ ونووسراومان ژمارە (١٢٨١٧) لە ٢٠٢٤/٥/٨ و لە بەربەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :-

**بەیانی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**هێنانەکایەی گوندی (بەکری حاجی شریف)**

**یەکەم:** هێنانەکایەی گوندی (**بەکری حاجی شریف**) و چەسپاندنی لە سەر نەخشەی گادسترۆ بەپێی ماددەی (یەکەم /٦) لە ڕێنمایی سەرەوە لە ناحیەی عەربەت لە سنوری پارێزگای سلێمانی بە ڕووبەری (-،١١،١٠ ) دە دۆنم و یانزە ئۆلک لە سەر بەشێک لە پارچە زەوییەکانی ژمارە (١٩،٥٠،٥١،٦٤،٦٦) لەکەرتی (١٨/عەربەت) و (٢٤/بێستان سور ) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای سلێمانی لە سەرەوە هاتووە، بەپێی یاسای کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت .

**ڕێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**